بالەندە کۆچەرەکانم خۆش دەوێ

.**

دەمەوێ وەک بالەندە کۆچەرەکان

خۆم وون کەم ساتە نا ساتێ

تا ستەمکارانی ئەم خاکە

دەستیان نەمگاتێ .

.**

دەمەوێ راکەم لە خەلیفەکان و

ئەمیرەکان وسوڵتانەکانی ئەم شارە

دەمەوێ راکەم لە رۆژهەڵاتی

ئەفسانە و پروپوچگەری و بێچارە .

.**

دەمەوێ راکەم لە دەنگم

لە سێبەرم لە زمانم .

دەمەوێ پەرش و بڵاو ببمەوە

وەک بەرامەی باخەکانم

.**

دەمەوێ لە پێستی خۆم راکەم

پێناسە و نیشان جێ بێڵم

بەدوای داد و مرۆڤ دۆستی

وەکو باڵەندەیەک وێڵم

.**

دەگەڕێم بۆ سەرزەمینێکی نوێ

کە دوژمن نەبێت بۆ ئینسان

بەدوای خودایەکدا دەگەڕێم

کە میهرەبان بێت بۆ هەموان

.**

دەمەوێ سەری خۆ هەڵگرم

ئەگەرچی ئاسۆ نادیارە

دەمەوێ بە ئازادی بژیم

ئەی ڕۆژهەڵاتی مرۆڤ کوژی و

سەربرین و سێدارە .

ئەندازیار : بەکر حسەین

سوید : 7- ئازاری - 2014